# تاوانباری ئەنفال فەریق رکن

## سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد

ئامادەکردنی : ئەنفالستان



- فەریق رکنی یەکەم: سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد ئەلتائی.
- لەدایکبووی سالی 1944ی شاری موصل
- گوایە بەفەریق هاشمی باشو پیاوچاکو خێرخواز ناسراوە !! بەڵام یەکێکە لە توندوتیژترین کەسایەتیەکانی ناو هێزە چەکدارەکانی عێراق و پابەندیەکی تەواوی بە (صدام حسێن)ەوە هەبووە.



### باری کۆمەڵایەتی :

خێزاندارەو ژمارەیەک منداڵی هەیە، ناسراوترین کورەکانی محەمەدو عامرن، وەک باس دەکرێ دواهەمین منداڵیشی کچێک بووە ناوی ناوە (خاتمە ) یان خاتمە الانفال کە بەهۆی پەلامارو سەرکەوتنەکانیەوە مەدالیای ئازایەتی زۆری وەرگرتووە.

### باری سەربازی :

لەسالی 1964 لە کۆلیژی سەربازی دەرچووە، لە خولەکانی سەربازی یەکێتی سۆڤێتی بەریتانیاو ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرچووە. ماوەیەکیش لە کۆلیژی سەربازی وانەی سەربازی وتووەتەوە. لە ماوەی جەنگی ئێران عێراقدا بە یەکێک لە پاڵەوانەکانی جەنگی قادسیە هاتووەتە ژماردن .

یەکێکە لەدرندەترین ئەفسەرە تاوانبارەکانی بەعس لەتاوانی ئەنفالدا، لەساڵی 1980 -1988 بەرپرسیارێتی وەرگرتووە، لەوماوەیەدا

بەفەرماندەی لیوای پیادەی پێنج (5) لەتیپی چوارو ئینجا فەرماندەی تیپی چوارو دواتر فەرماندەی فەیلەقی پێنجو دواجاریش بە فەرماندەی فەیلەقی یەک دیاریکراوە. لەوماوەیەدا چەندین مەدالیای ئازایەتی(نوط الشجاعه) و وسامی لەلایەن سەدام حسێن وەرگرتووە .

لەکاتی جەنگی کوێتدا کە بەعسیەکان بەدایکی جەنگەکان ناویان دەبرد کرایە جێگری سەرۆکی ئەرکانی بالآی سوپاو هەتا ساڵی 1993 لەو پۆستەدامایەوە. ساڵی 1991 لە کاتی گفتوگۆی نێوان هێزە هاوپەیمانەکانو سوپای عێراقدا سەرۆکی شاندی عێراق بوو، لەژێر خێمەیەکدا لە سەفوان کە بەگفتوگۆی سەفوان ناسراوە.

هەرلەکاتی خۆبەختکردنیەوە لەکوردستان وسەربازگەکانی کوردستان (ناوچەی باکور) بووە، پلە بە پلە سەرکەوتووە هەتا ساڵی 1994 کراوەتە پارێزگاری موصلو ساڵی 1997 بووەتە وەزیری بەرگریو لەمانگی سێبتەمبەری ساڵی 2003 دا جەنراڵ باتریوس نامەیەکی بۆ نارد گوایە دەیەوێت خۆی بەدەستەوە بداتو دواتر ئازادی بکات، بەڵام ئەمە تەڵەیەکی ئەمریکی بوو دوای خۆ ئاشکراکردنی لە ماڵەکەی خۆیدا لە موصل بەدیلگیرا و لە بەرواری 2007/7/24 دادگای باڵای تاوانەکان چەندین سزای بەسەردا سەپاند بە سزای لە سێدارە دانیشەوە.